## پرسەنامەی نووسەران و شاعیرانی بۆکان

**به ناوی خوا**

**ئای ...چەندە غەریبم**
**لەوانەی وا خۆشم دەوێن**
**چەندە نامۆم**
**بۆ ئەوانەی خۆشیان دەوێم**
**چلۆن ون بووم**
**له شەقامی فێ لێهاتووی**
**ئەم ژیانه...دا**

**به داخ و کەسەرێکی زۆرەوه وەفا شاعیره ناوئاشنای وڵاتەکەمان بۆ هەمیشه ماڵئاوایی له ژیان کرد. کۆچی دوایی وەفا پەژارەیەکی زۆری خسته سەر دڵمان. وەفا لەو شاعیری به توانایانەی ئەمڕۆ بوو که بەردەوام له هەوڵی تازەکردنەوەی زمان و ناوەرۆکی شێعردا بوو که خۆی ئەیگوت ئێمه دەبێ هەوڵ بدەین زمانێکی نوێ و پێشکەوتوو له ئاسەواری ئەدەبی ئەوڕۆماندا بەکار بێنین. وەک شێعرەکانی ئاشق به سروشت و جوانی بوو. له زمانی پاک و رووبارانەیدا خوێنەر هەستی به چەشنێک ژیانەوه و خۆشەویستی ئەکرد. سەرانسەر وشەکانی دەرد بوو. دەردی چاوەڕوانی و نەسرەوتن. وەفا ئەو شاعیره غەریبه، به یەکجاری شەقامی فێ لێهاتووی ئەم ژیانەی بەجێ هێشت و بۆ هەمیشه ماڵئاوایی لێکردین، بەو بۆنەوه پڕ بەدڵ سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی بەڕێزیان و هەموو خەڵکی کوردستان دەکەین.**

**محەمەد نووری، فەتاح ئەمیری، سەعید نەجاری، هادی حەبیبی، محەمەد رەمەزانی، ناسر وەحیدی، ئەمین گەردیگلانی، کەریم حیکمەتی، عەبدولعەزیز مەولوودی.**